# دڵسۆزی یان هێرشی حزبە دەسەلاتدارەکان بۆ سەر کرێکاران لەکوردستان!

نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

ئەمشەو لەبەرنامەیەکدا کوردسات لەپەیوەند بەپرۆپاگەندەی هەلبژاردنەوە لەگەل وەزیری پیشەسازی حکومەتی یەکیتی پەروین بابکر، ئامادەیان کردبوو، وەزیری پیشەسازی کۆمەلیك مەسائیلی خستەروو کەبەئاشکرا دەورەیەکی تازەی هیرش بۆسەر کریکاران دەستپیکراوە، واتە ئەوەی کە ئەو حزبە دەسەلاتدارانە لەسەر ماندویی کاری رۆژانەی زیاتر لەدەیەکی کریکاران ئەخۆن و دەولەمەند بوون، ئەوا دەورەیەکی تازە لە هیرشیان بۆسەر کریکاران دەستی پیکردوە لە پەیدا کردنی شەریکە بەشیکی هارترلەخۆیان بۆ ئەوەی تاسەر ئیسقان دان لەلاشەی کریکاران گیرکەن، ئەویش بە تایبەتکردنی ئەو کارگانەی لەکوردستاندان، لەوانە ئاوی بانیخیلان و کارگەی جگەرەو چیمەنتۆو چەندین شوینی تریان تایبەت کردوەو لەقسەکانیدا ویستی بچیتە سەر وردەکاریەکانی زیاترو بەریوەبەری بەرنامە پیّی بری، لەوانە تایبەتکردنی کارگەی ئاوی بانیخیلانە بەکۆمپانیایەکی تورکی و جگەرەی سلیمانی لەگەل کۆمپانیایەکی بەریتانی و ئەوەشی خستەروو کەمانگانە 40 000 چل هەزار دۆلار قازانج حکومەتەکەی یەکیتی تەنها لەکارگەی ئاوی بانیخیلان وەریدەگری، ئیتر ئەوەشی ووت کەتەنی چیمەنتۆ بە35 دۆلار دەدەن و ئەمەش زۆر نرخیکی هەرزانەو کۆمپانیا بیگانەکان لایان سەیر بوە کەچیمەنتۆ بەم نرخە کەمە ئەدەن و وەزیری پیشەسازی رونی کردەوە کەحکومەتەکەی یەکیتی بۆیە ئەم کارگانە دەداتە کەرتی تایبەت لەبەرقازاندی کریکاران و فەرمانبەرانە، و چیمەنتۆ بۆیە بەو نرخە هەرزانە دەفرۆشن بۆ دەعمی هاولاتیانە.

بزانین وەزیری پیشەسازی لەم قسانەیدا کەبۆ ئەوە هینراوە وەك باقی وەزیر و سەرانی یەکیتی و پارتی خەلکی کوردستان و بەتایبەت کریکاران چەواشە بکەن، بەتایبەت بەدوای دەنگنەدانی دەورەی پیشوی ئیتر توشی ترس و دلەراوکەیەکی وا بوون و بەم شیوەیە دەیانەوی ئەو کارە گەورانەی بەقازانجی چینی کریکارو جەماوەری خەلکی کوردستان ئەنجامیانداوە بیخەنە روو بۆ ئەوەی ئیتر خەلکی کوردستان بەگشتی و کریکاران بەتایبەتی شەرم بیانگریو بچن بۆ دەنگدان، بەلام بابزانین راستی ئەم کاری تایبەت کردنەی کارگەکان لەکویدایە!

تا ئەوجیگایەی بەنرخی چیمەنتۆ و هەرزانیەکەی دەگەریتەوە کەبەخاتری جەماوەر ئەمەیان کردوە بۆ ئەوەی دەستیان بەچیمەنۆتدا بگات و بتوانن خانوەکانیان بەئاسانی دروستبکەن، جیدیلم بۆ خەلکی کوردستان کەچەندە دەتوانن دەستیان بەچیمەنتۆدا بگات، ئایا لەبەر گەندەلی ئیداری و دزی و کۆنترۆلی سەرمایەداران و مسئولین و سەرانی حزبەکان هیچ شتیك و بەتایبەت چیمەنتۆش بەر هاولاتی دەکەویت!.

تاکو بەتایبەتی کردنی کارگەکان دەکەریتەوە، کەئەمەش ئیتر خۆیان گۆشتیان بەبەدەنی کریکارانەوە نەهیشتۆتەوەو لاشەکەیان دەخەنە بەردەم گورگ کەسەرمایەدارانە بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆیان چیان بەسەر دینن بیهینن. دەمەوێ بەوەزیری پیشەسازی و هەموو سەرانی ئەم حزبانە بلیم کەکریکاران و خەلکی کوردستان ئەوەندە لەدواوە نین و نەزانن نین کە ئەوان وا بۆی دەچن کە تایبەتی کردن بەقازانجی کریکاران بیت، هیچ کات و لەهیچ شوینیکی دنیادا لەوەتی سەرمایەداری دەسەلاتی هەبوە، خاوەن کارە سەرمایەدارو دەسەلات و دەولەت سەرمایەدارەکان بەوەحشیانەترین شیوە کریکاریان چەوساندۆتەوە و خوینی لەشیان مژیون، هیچ کات لەقازاندی کریکاران هیچیان نەکردوە، وە بەئارەزوی خۆیان کریکاریان دەرکردوەو ئەگەر بۆیان کرابیت ئەوا بەکەمترین کری کاریان پیکردون، وە دەولەت و دەسەلاتە سەرمایەداریەکان، کاتیك کەتوشی ئەزمە بوون یەکەمین شتیك کردویانە هیرشیان بۆسەر کریکاران دەستپیکردوەو دەستیان داوەتە تایبەتی کردنی کارگەو شوینە دەولەتیەکان، بۆ ئەوەی سەرمایەو سەرمایەداری و دەسەلاتەکەیان بپاریزن لەسەر ئەساسی هیرش کردن و هەژارکردنی زیاتری کریکاران حەرەکەتیان کردوە، بەتایبەت لەکۆمەلگایەکی وەك ئەمرۆی کوردستاندا کەهیچ قانون کاریکی کریکاری نیەو تائیستا بەیاساکانی حزبی بەعس کار دەکەن، تا بەو ریکخراو و دەستانەی کە یەکیتی و پارتیش بەناوی کریکارانەوە دروستیان کردوە، لەکاری چەواشەکاری و خۆلکردنە چاوی کریکاران بەقازانجی حزبە دەسەلاتدارەکان زیاتر شتیکی کەیان نەکردوە.

ئەگەر یەکیتی و پارتی بەنیازن بەو کارە دژی کریکاریانە دەیکەن، بەخۆیان تیر ناخۆن و سەرمایەدارانی ناوخۆو دەرەکی بەردەدەنە گیانی کریکاران دەیانەوی کریکاران بچنە بەردەم صندوقەکانی دەنگدان ئەوە خۆشخەیالیە، کریکارانی کوردستان بەتەجروبەی 14 سالی خۆیان لەگەل دەسەلاتداریتی ئەم حزبانەو دزینی سەروەت و سامانی کۆمەلگاو سەرکوتی هەموو دەنگیکی نارەزایەتی و وەلامنەدانەوە بەخواستەکانی خەلك، کریکاران ناچن بۆ دەنگدان و نارەزایەتیان بەرامبەر دەسەلاتەکانیان زیاتر ئەکەن.

2005-12-9